سەدان هاوڵاتی لە وڵاتی نیپاڵ گیانیان لەدەستدا و بوونە قوربانی لافاوێکی بە ناکاو

ژمارەی قوربانیانی لافاو لە وڵاتی نیپاڵ گەیشتە 217 کەس و 143 بریندار و 28 کەسیش تا ئێستا بێسەروشوێنن.

سەرۆک وەزیرانی نیپاڵ خادجا پراساد ئۆلی، داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی کابینەی حکومەتەکەی کرد بۆ تاوتوێکردنی پێشهاتەکانی وڵاتەکە و دوابەدوای ئەو لافاو کە وڵاتەکەی گرتەوە.

پۆلیس و سەرباز لە وڵاتی نیپاڵ لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان بڵاوەیان پێکراوە بۆ یارمەتیدان لە هەوڵەکانی فریاگوزاری و بەرگری شارستانی، ئامێری قورس بۆ لابردنی خۆڵ و خاشاک لەسەر ڕێگاکان بەکارهێنراون و قوتابخانە و کۆلێژەکانیش بەهۆی لافاو و بڕینی ڕێگاوبانەکانەوە داخراون.